# کۆنفرانسی پێنجەمی
# ڕێکخستنەکانی حزب لە سویسرا سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا




بە ئامادە بوونی هەیئەتێک لە مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ،کە پێکهاتبوو لە هاوڕێ یان [خسرەو سایە، ئاسۆ جبار،فارس مەحمود]،کۆنفرانسی پێنجەمی ڕێکخستنەکانی حزب لە سویسرا ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی 2005/5/14 بەڕێوە چوو.

بۆ ڕێزلێنان لە گیان بەختکرووانی ڕێگای سۆشالیزم دەقیقەیەک وەستان بە دەم سروودی ئەنتەرناسیۆنالەوە لە لایەن کادری حزب فازڵ عوسمان کۆنفرانس دەستی پێ کرد،ئنجا شێوەی بەڕێوە چوون و دەستوری کۆنفرانس پەسەند کرا ،کە بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیاری لە سەردرا:

1.کۆنگرەی سێهەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق .گرینگی و جێگاو ڕێگای.

2.ئەرک و کارە هەنووکەییەکان ڕێکخستنەکانی دەرەوە.

3.ڕاپۆرتی کاری ڕێکخستنەکانی سویسرا لە ماوەی ڕابووردوو.

4.کارە هەنووکەیی وبەرنامەکاری کۆمیتەی سویسرا.

5.هەڵبژاردن.

لە بڕگەی یەکەمی دەستوری کۆنفرانسەکەدا،هاوڕێ یان خەسرەو سایە،فارس مەحمود،لە مەڕ گرینگی و جێگاو ڕێگای کۆنگرەی سێهەم بۆ حزب و کۆمەڵگا لەم قۆناغە سەخت و هەستیارەی کۆمەڵگای پێدا تێپەڕ دەبێت،لە مەڕ بەڕێوەچوونی کۆنگرەو لێکۆڵینەوەوئەنجامە سیاسی و عەمەلی یەکانی بە ووردی قسەوباسیان بۆ ئامادەبووان کرد، قسەو باسیان لە سەر

زۆر خاڵی سەرەکی کرد،لەوانە پێویستی هەبوونی حزبێکی سیاسی و جەماوەری بەهێز کە بتوانێت دەوری سەرەکی بگێڕێت لە هاوکێشە سیاسی یەکانی کۆمەڵگا و کێشەو ململانێکانی،و حزبێکی کۆکەرەوەو ڕێکخەری هێزە جەماوەری یەکان لە پێناو ڕزگاری لە بارووددۆخەکانی سیناریۆی ڕەش و ئە لایەنانەی کە ئەم سیناریۆ ڕەشەیان بە وجوود هێناوە ،هەردوو هاوڕێ باسی ورەی بەرزی هاوڕییانی ئێمەیان کرد بۆ بەستنی کۆنگرەوبەشداری گەرم و گوڕی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە جەماوەری و کۆمەڵایەی یەکان کە نوێنەرایەتی و کۆڵەکەی سەرەکی ڕێکخستنەکانی حزبی ئێمەن لە سەراسەری عێراقدا،هەروەها بە تێرو تەسەلی ورەی بەرزی هاورێیانی ئێمەیان لە کۆنگرە بۆ جێ بەجێکردنی ئەو ئەرکە مێژوویی یەی کە لە ئەستۆی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبەکەیەتی بۆ ئامادەبووان باس کرد.

لە بڕگەی دوا تر هاوڕێ فارس مەحمود لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حزب باسی ئەرکە هەنووکەیی یەکانی ئەم قۆناغەی لە سەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەو دیدگا بنەڕەتییەکانی کۆنگرە و گرینگی گۆڕینی هەڵسوڕان و چالاکی لە دەرەوە بۆ مەیدانێکی بنەڕەتی ،لایەنێکی ڕیشەیی لە ململانێ لە پێناوی یەکلایی کردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵگای عێراق بە بەرژەوەندی ئازادی و خۆشگوزەرانی و سکولاریزمی کرد،هەر لێرەوە گرینگی تایبەتی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی تەئکید کردەوە، لەم بارەوە کردنەوەی بارەگاو بنکەکانی کۆنگرەی ئازادی عێراق وکۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان،دەست بە کاربوونمان لە ئاستێکی فراوانی جەماوەری ،گرینگی و گەشەپێدانی کاری نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی ئازادی ژنان ،شوراونەقابەکرێکارییەکان،یەکێتی بێکاران،نوێنەرایەتی ناڕەزایەتی خەباتگێڕانەی ڕوو لە زیادی جەماوەری عێراق بۆ کۆتایی هێنان بە سیناریۆی ڕەش و داگیرکارییەکەی و بۆ ڕزگاری لە ئیسلامی سیاسی و تیرۆرەکەی ،هەروەها بەشێکی تری قسەکانی هاوڕێ فارس مەحمود لە پەیوەند بە پایە بنەڕەتییەکانی دارایی حزب و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکانی وگۆڕینی بۆ ئامرازێکی ئامادەبۆ جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە ڕابەرایەتی لە سەر شانی خۆی داناوە. ڕوون کردەوە.

پاشان دلشاد مەجید،ڕاپۆرتی سەرجەم کارو چالاکی یەکانی کۆمیتەی سویسرای لە ماوەی ڕابووردوو پێش کەش کردو،لە هەموو ڕوویەکەوە خاڵە بەهێزەکان وخاڵە لاوازەکان و ڕێگا چارەی دەربەزبوون لێیانی خستە ڕوو،پاشان ئاسۆ جەبار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب باسێکی تێرو تەسەلی لە سەر نەخشەی کاری داهاتووی ڕێکخستنەکانی سویسرای لە سەر ئەساسی ئەرکەبنەڕتی یەکانی ڕێکخستنەکانی دەرەوەو مەیدانە گرینگەکانی کارو فەعا لی یەتەکانی کۆمیتەی سویسرا دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە ،بەشداربوان و ئامادەبوان بە گەرمی تێبینی وپێشنیار وڕەخنەکانی خۆیان خستە ڕوولە پێناو بە رەو پێش بردنی کارو چالاکی یەکانی کۆمیتەی سویسرا،دوا بڕگەی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوو لە هەڵبژاردنەوەی ئەندامان کۆمیتەی نوێ کە پێکهاتبوون لە{دلشاد مەجید،فازڵ عوسمان،دلارام عبدالرحمن،امنە ابراهیم،ئاسۆ جەبار،شنۆ ئەنوەر،سردار حامد،یونس ئیبراهیم،ئاوات عەلی،ئامانج ئەمین،ئەحمەد عەلی،سامان رەسول}وچوار{4} ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتە،کە بریتی بوون لە {سەیوان محەمەد،کازم قادر،زانا قادر}.

ووتەی کۆتایی کۆنفرانس لە لایەن هاوڕێ فارس مەحمود پێش کەش کرا،کە بەڕێوەچوونی کۆنفرانس و ئامادەبوونی ڕەندانەو وورەو ئامادەیی سیاسی یانەی بەرزی هاوڕێیانی بەرز نرخاندو جەختی کردەوە لە سەر پەلە کردن لە پێشڕەوی نواندن لە جێ بەجێ کردن و هێنانەدی ئامانجەکانی،ئەمەو جارێکی تر سروودی ئەنتەر ناسیۆنال لە نێوخۆشی و شادی ئامادەبووان و ئامادەیی تەواوی بەشدار بوان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کۆنفرانس،پێش کەش کرایەوە،ئاهەنگ و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و سەما تا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو.

ڕۆژی دواتر کۆمیتەی هەڵبژێردراو،یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێدا،لەم کۆبوونەوەیەدا، بەکۆی دەنگ ئاسۆ جەبار وەک سکرتێری کۆمیتە هەڵبژێردرا،و هەیئەتێکی تەنفیزی کە پێکهاتبوون لە{دلشاد مەجید،ئاسۆ جەبار،ئاوات عەلی ،ئامانج ئەمین}.لە هەمان کاتدا کۆمیتە بە کۆی دەنگ بڕیاری زیادکردنی{پەیمان عەلی}وەکوئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتە پەسەند کرد لەم کۆبونەوەیەداهاوڕێیان کارو ئەنجام وپێشنیار و نەخشەکاری بەڕێوە چوونی ئەم کۆنفرانسە سەرکەوتووەیان بەرز نرخاند.بڕگەی داهاتووی ئەم کۆبونەوەیە کارو ئەندامانی کۆمیتەی سویسرا بووکە سپێردرا بە کۆبوونەوەی داهاتوو ،تاکوو بوارێکی زیاتر بڕەخسێ بۆ هاوڕێان وئەندامان بۆ گفتوگۆی زیاتر لە بارەیانەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
ڕێکخراوی دەرەوە
2005/5/15